## پەیامی کونگرەی ۱۲ی کۆمەڵە بۆ زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەکانیان

**رژیمی کۆماری ئیسلامی بە پێ شێل کردنی سەرەتایی ترین مافەکانی ئینسان، کۆمەڵێك ئینسانی بەرجەستە و گوڵی سەرتۆپی کۆمەڵگای ئێمەیان لە بەندیخانەکاندا ئەسیر کردۆوە. تەنیا تاوانی ئەو ئازیزانە خۆشەویستی ئینسان و یاخی بوون لە ستەم و حوکمی زۆرداری و چەوسانەوەیە.**

**ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی مافی سەرەتایی هەر ئینسانێکە و دەست درێژی هەر رۆژەی رژیمی ئیسلامی بۆ سەر ئەو مافە سروشتی یە کردەوەیەکی نا ئینسانی و مایەی نەفرەتە.**

**ئێمە لەگەڵ هەموو زیندانیانی سیاسی و هەروەها لەگەڵ بنەماڵەکانیان لە ناخی دڵمانەوە هەست بە هاوپشتی دەکەین. هیوادارین بە روخانی رژیمی کۆماری ئیسلامی و بەرپا بوونی دەسەڵاتی جەماوەر، هەر چەشنە ئەشکەنجە و ئیعدامێك هەڵوەشێتەوە و هیچ کەس بە هۆی بیروباوەڕی سیاسی یەوە راوەدوو نەنرێ و نەخرێتە زیندان.**

**کونگرەی ۱۲ی کۆمەڵە**

**گەلاوێژی ۱۳۸۵ی هەتاوی**